**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمـــارە : ١٤٠٦٧ لـــە ٢٠١٠/٦/٢٣**

## بــــــەیـــــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كەپێمان دراوە بەگوێرەی برگە (١) لەماددەی (١٠) لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەكان ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٩٣)ی هـەمواركراو لەبـەر بەرژەوەنـدی گـشتی و گەیـشتنی دانیشتوانی قەزای كفری لەسنوری شارەوانیەكانی سلێمانی بۆ (٢٨٦٢٠) بیست و هەشت هەزار و شەش سەدو بیست كەس بڕیارماندا بە :-

١- جێگیركردنی پلەی شارەوانی كفری بۆ پلەی (٢) .

٢- ئەم بڕیارە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەكرێت .

**ئەندازیار**

**سمير عبدالله مصطفى**

**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمـــــارە : ١٥٢٩ لـــــە ٢٠١٠/٧/٧**

## بــــــەیـــــان

لەبەر كۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەو ئاگاداریە كە لەرۆژنامەی خەبات بڵاوكرابووەوە لەژمارە ( ٣٤٤٥ لە ٢٠١٠/٤/١٤ ) وەلەبەر نەبوونی هیچ سكاڵایەك یـان رەخنەیـەك لـەهیچ لایـەنێك لەماوەی یاسایی كە (٣٠) سی رۆژە دوای بڵاوكردنەوەی ئاگاداری سەرەوە بەپێی ماددەی (٦) شەشەم لەیاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەكان ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٩٣) ی هەمواركراو وەبەپێی ئەو دەسەڵاتەی كەپێمان دراوە لەماددەی حەوتەم لەیاسای سەرەوە بڕیارماندا بە :-

١- كردنەوەی شارەوانی مەهەت لەقەزای شێخان لە پارێزگای دهۆك وەبەپلەی سێ یەم .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی ( وەقایعی كوردستان ) .

**ئەندازیار**

**سمير عبدالله مصطفى**

**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**